# دةسةلآتي كوردي و كمشةكاني سرينةوةي بةعةرةبكردن

شاخةوان شؤرش

لەگەڵ روخانی رژێمی داگیرکەری بەعس تەواوی باشووری کوردستان بۆیەکەمجار و دوای نزیکەی هەشتاساڵ پۆلیتیکی بەعەرەبکردن گەڕایەوە دەست خەڵکی کوردستان. پۆلیتیکی داگیرکاری و بەعەرەبکردن گەلێ ئەرکی گرنگ و پێویستی بەسەر خەمخۆرانی کوردستاندا سەپاندووە. لەنێویاندا ئەرکی زۆرلەپێش, لەناوبردنی بەعەرەبکردن و سڕینەوەی شوێنەوارەکانیەتی لەهەموو بوارەکاندا. گومانی تێدا نییە "رزگاربوونی" ناوچە کوردستانیە بەعەرەبکراوەکان و گەڕانەوەی خەڵکێکی زۆر بۆ زێدی باپیرانیان, گەورەترین و بەرفراوانترین هەنگاوی دژ بەپۆلیتیکی بەعەرەبکردن بوون. دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکوك و هەڵبژاردنی زۆرینەی کورد لەئەنجومەنی بەرێوەبەرایەتی شاری کەرکوك هەنگاوی دڵخۆشکەرن. دیارە رۆڵی ئەمەریکاییەکان لەم هەنگاوە پۆزەتیڤانە زۆر دیارەو لەڕاستیدا ئەوان نەبوونایە, ئەم خەونانە نەدەهاتنەدی. ئەمەریکاییەکان جگەلەوەی بوونە هۆی رزگاربوونی ناوچەکوردستانیەکان, توانیویانە چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی کوردیش بەشێوەیەکی بەرچاو بکەن. ئەوان رۆڵی دیاریان لەیەکترنزیکبوونەوەی هەردوو پارتی دەسەلآتداری یەکێتیو پارتی هەیەو گەلێ هەنگاویشیان بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ناوە. بۆنموونە ئەوان نەبوونایە, رەنگە شاری کەرکوك ئێستاش خاوەنی دوو پارێزگاری بێدەسەلآتی سەربە یەکێتیو پارتی دەبوو.

لەگەڵ ئەم هەنگاوە باشانەدا, دەکرێ هەندێ هەنگاوی ئەمەریکاییەکان باش نەبن و لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردا ناکۆکبن, بۆیە لەباری ئاوادا نابێ بێدەنگی بکرێت. لەمبوارەوە کورد دەتوانێ سوود لەنموونەی پەیوەندی نێوان ئەمەریکاو ئیسراییل وەربگرێت, بۆنموونە, لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی نێوانیان زۆرباش و بتەوە بەلآم گەر هەنگاوێکی ئەمەریکا دژی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی ئیسراییل بێت, ئەوا ئیسراییلیەکان بەرەوڕووی دەبنەوەو هەوڵی چارەسەری دەدەن. بەواتایەکی دیکە پێویستە کورد لەلایەك هەوڵی بەهێزترکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا بدات, لەلایەکیتر بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی خۆی بەزر ڕابگرێت, بەرەوڕووی هەڕەشەکان ببێتەوەو نەهێڵێت زیان بەبەرژەوەندیە نەتەوایەتیەکانی بگەیەنرێت.

هەنگاوی دیاری دەسەلآتی کوردی سەبارەت بەڕیشەکێشکردنی شوێنەواری بەعەرەبکردن, بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لەژێر ناوی بڕیاری سڕینەوەی ئاسەواری پاکسازی ڕەگەزی لە 18.5.2003 دا بوو. لەم بڕیارەدا گەلێ لایەنی گرنگ و خاڵی گرنگ هێمای بۆکراوە, لەوانە گەڕاندنەوەی کوردەکان بۆ زێدی پێشوویان, ناردنەوەی عەرەبەهێنراوەکان, راستکردنەوەی ناوی ناوچەو شوێنە بەعەرەبکراوەکان, گەڕاندنەوەی یەکەئیداریەکان بۆ پارێزگاکانی پێشوویان واتە بۆ باری پێش رژێمی بەعس, راستکردنەوەی ناسنامە نەتەوایەتیەکان. شایانی باسکردنە لەم بڕیارەدا باس لەقەرەبووی زیانی کوردە ئاوارەکان ناکرێت, هەروەها ووردەکاری چۆنیەتی

گەڕانەوەی کوردەئاوارەکان و چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەم ئاوارانە باسنەکراوە. ریشەکێشکردنەکە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی و هەنگاوئامێز دیارنەکراوەو باسیش لەچۆنیەتی, گرنگی و پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نەکراوە. ئەوەی لەرۆژنامەکانی دوو دەسەڵاتە کوردیەکە کەسەبارەت بەبڕیارەکە بڵاوکراوەتەوە, ئەوانەی سەرەوەی تێدانیە. دیارە یەکێك لەڕێگا گونجاوەکانی سڕینەوەی شوێنەواری بەعەرەبکردن ئەوەیە, زۆر بەووردیو روونی هەرچی کرداریٚ کە بەمەبەستی بەعەرەبکردنی ناوچە کوردستانیەکان کراوە دیاربکرێن, لەبەرامبەریاندا چارەسەر دابنرێن. واتە خاڵ بەخاڵ و هەنگاو بەهەنگاو هەموو لایەنە جوگرافی, دیمۆگرافی, رامیاری, کۆمەڵایەتی, یاسایی و پەروەردەییەکان کەپۆلیتیکی پاکتاوی رەگەزی گۆڕانی بەسەریاندا هێناوە یا بەمەبەستی توانەوەو بەعەرەبکردن لەم لایەنانەدا هاتوونەتەدی, زۆر بەووردی بەسەربکرێنەوە, دیاربکرێن و چارەسەریان بۆ دابنرێت.

جگەلە بەڵێنی ئەمەریکاییەکان بەچارەسەری کێشەکانی بەعەرەبکردن, بەرپرسانی یەکێتی و پارتی سڕینەوەی شوێنەواری بەعەرەبکردنیان لەچەندین بۆنەدا دووپاتکردۆتەوە, بەڵام بەکردەوە کارەکان لەئاستی پێویستدانین, ئەمەش چونکە یەکەم, دەسەڵاتی کوردی دەسەڵاتی یەکەم و سەرەکی نییە. دووەم, دەسەڵاتی کوردی بیٚ پرسی ئەمەریکاییەکان ناتوانن هەموو هەنگاوێك بنێن. سێیەم, دەسەڵاتی کوردی هێشتا یەك نییە, ئەم یەکنەبوونیەش کاریگەری خراپی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوایەتیەکاندا هەیە. چوارەم, بڕیارو هەڵسوکەوتی جیاجیاو دژبەیەك لەهەڵسوکەتی بەرپرسی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەدیدەکرێن, کە ئەمە دەبێتەهۆی زیانگەیاندن و لاوازکردنی هەر بڕیارێکی پەیوەستدار بەکێشەی بەعەرەبکردن. پێنجەم, لاوازی هەستی ناسیونالیستانەی زۆر لەبەرپرسانی یەکێتی و پارتی, ئەمە بووەتەهۆی کەمتەرخەمیکردن و بەلاوەنانی ئەرکە نەتەوایەتیە لەپێشەکان, هەروەها زاڵکردنی بەرژەوەندی خود یا پارت بەسەر بەرژەوەندی نەتەوەو گشت. نموونەش بۆ ئەمە دەرچوونی عەرەبێکی دەهەزاری بەقایمقامی شارۆچکەی داقوق. ئەم عەرەبە تاکە پاڵێوراوی عەرەب بووە بەرامبەر بەسیٚ پاڵێوراوی کورد! بەهۆی ململانێی خۆپەرستانەی ئەم بەپرسە کوردانە, عەرەبەکە کورسیەکەی بردۆتەوە!

ئەم هەنگاوانەی لەبواری کرداردا کراون, زۆربەیان بەسەرپەرشتی ئەمەریکاییەکان هاتوونەتەدی. دیارە لادانی ناوی عەرەبی تەئمیم و دانانەوەی ناوی راستەقینەی کەرکوك بۆ شارەکە هەنگاوێکی باشی دیکەیە. بەڵام لەراستیدا کێشە لەگەلیٚ دەڤەرەوە هەستی پێدەکرێت, بۆنمونە گوندەکانی ناوچەی شەنگار و هەندیٚ ناوچەی دیکە, عەرەبەکانی بۆ هاتوونەتەوەو دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە کوردەکانی ئەم ناوچانە بگەڕێنێتەوە گوندەکانیان. لەهەندیٚ شوێندا ئەمەریکاییەکان پارێزگاری عەرەبەجێنیشکراوەکان دەکەن و پێشگری گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکانن. عەرەبێکی زۆر لەناو شاری کەرکوکدا هەن و نازانریٚ پرۆسەی ناردنەوەیان جێبەجیٚ دەکرێت یا نا. لەناوچەی دووبز و دەوربەریدا عەرەبە جێنیشکراوەکان سەرسەختانە هەوڵی مانەوەیان دەدەن و بەبەردەوامی بەکاری رەگەزپەرستانە هەڵدەستن. مانەوەی عەربەهێنراوەکان و نەگەڕانەوەی کوردە

دەرکراوەکان بۆ زێدی پێشوویان, مانەوەی شوێنەواری بەعەرەبکردن دەگەیەنێ, کە لەخراپترین باردا دەکرێ ببێتەهۆی لەدەستدانی هەندێ لەم ناوچە کوردستانیانە.

بەپێی هەواڵەکان ئەمەریکا وەکو سەردەمی رژێمی بەعس, شارو شارۆچکەکانی خانەقین, مەندەلی, جەلەولا, کفریو دوزخورماتوو لەرووی بەرێوەبردنەوە بەپارێزگاکانی دیالەو تکریت بەستووەتەوە, بەمجۆرە وەکو پێشوو لەکوردستان دابڕیون. لەهەنگاوێکی دیکەیاندا بەرپرسی پۆلیسی شاری کفریان کردۆتە عەرەب. ئەم هەنگاوانەی ئەمەریکاییەکان جێگای نیگەرانین. جێگای ڕەخنەیە کەوا لەگەڵ ئەوەی ئەم هەنگاوی دابڕینە رێك بەپێچەوانەی خاڵێکی گرنگی بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستانە, کەچی دەسەلاتی کوردی بەهیچ هەنگاوێکی روون و دیار بۆ چارەسەری ئەمە هەڵنەستاوە! ئەوان بەلایەنیکەم نەیانتوانیووە یا نەیانویستووە خەڵك لەخۆپیشاندانێکی ناڕەزایی بەرامبەر بەم کارەی ئەمەریکاییەکاندا, رێکخەن. ئەم دابڕینەی شارو شارۆچکە کوردستانیەکان نابێ بێدەنگی لێبکرێت و دەبێ هەوڵ بدرێت ئەم ناوچانە لەهەموو لایەنەکەوە بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان, چونکە ئەم ناوچانە کوردستانین.

لەبواری راگەیاندنەوە, جۆری پەخشکردنی هەواڵەکانی پەیوەستدار بەناوچە کوردستانییە رزگارکراوەکان جێگای رەخنەی زۆرن. راگەیاندنەکانی هەردوو دەسەلات یەکلایەنە باسی ناوچە کوردستانیە رزگارکراوەکان دەکەن. باس لە"برایەتی" کوردو عەرەب و تورکمان دەکەن! باس لەهەنگاوە پۆزەیتڤەکان دەکەن. بەلام باس لەکێشە, ناکۆکی رەگەزی و کۆسپەکانی بەردەم رەشکردنەوەی شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن ناکرێن, باس لەهەواڵە خراپ و نێگەتیفەکان ناکرێن. بۆنموونە, بەهۆی ناکۆکی رەگەزی رۆژانە خەڵك دەکوژرێن یا ئازاردەدرێن, کەچی کەناڵەکانی راگەیاندنی هەردوو دەسەلات لێیان بێدەنگن. نموونەیەکی دیکە, بوونی سەرباز و ئەفسەری تورکیا لەشارەکانی کوردستان! ئەوانە جگە لەزیانگەیاندن و سیخوڕی کارێکیتریان نیە. کەچی راگەیاندنی هەردوولا بەکەموزۆر باسیان ناکەن, بەمشێوەیە باس لەرۆڵی خراپی دەستێوەردانی تورکیا ناکرێت و روونکردنەوەو دەمەتەقێی لەسەر ناکرێت. هەردوو دەسەلات پێویستە ریالیستانە سەیری ناوچەکە بکەن و ریالیستانەش باس لەبارودۆخی ناوچەکان بکەن, ئەوان پێویستە باسی ناتەبایی و ناکۆکی یا شەڕو پێکدادانەکانی نێوان رەگەزە جیاوازەکان بکەن و هەوڵدەن هۆکارەکانی روونکەنەوەو دەمەتەقێی ئەگەری چارەسەرەکان بکەن. ئەوان دەبێ باس لەکێشەی مانەوەی عەرەبەهاتووەکان و پارێزگاریان لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە بکەن و روونی بکەنەوە بۆچی ئەم کێشەیە واماوەتەوە یا چارەسەری فلانە کێشە واکەوتەوە, هەروەها ئەوان ئەلتەرناتیڤیان بۆ ئەگەرە نێگەتیڤەکان چییە؟ خەڵکی کوردستان لەگەڵێ رووداو ئاگادار ناکرێنەوە, بەمجۆرە ناتوانن بەشداری چارەسەرەکان بکەن. ئەم دیاردەیەی شاردنەوەی رووداوە خراپ و نێگەتیڤەکانی ناوچەکە, شاردنەوەی رووداوەکانە لەخەڵکی ناوچەکەو بەلاوەنانی رۆڵی خەڵکەکە لەئەگەری چارەسەرەکاندایە. دیارە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی کێشەکان بەداپۆشراوی بمێننەوە, بەمجۆرە خەڵك و لایەنیتر لەدەمەتەقێ, ڕاگۆڕینەوەو چارەسەر بۆ کێشەکان بێبەش دەکرێن.

لەکۆتاییدا پێویستە بگوترێ کەوا پیادەکردنی پرۆگرامێك بەمەبەستی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن کە بەدرێژایی دەیان ساڵی رابردوو لەئارادابووە, کارێکی ئاسان و بێکێشە نییەو نابێ, ئەم پرۆسەی سڕینەوەیە پێویستی بەکات, دارایی و سەرچاوەی تری پێویست هەیە. بەڵام لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتەرانەدا پێویستە رەخنە ئاراستەی هەر هەنگاو و بڕیارێکی لاواز لەمبارەیەوە بکرێت, پێویستە باس لەهەر کۆسپێکی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە بکرێت, هەروەها لەسەر دەسەڵاتی کوردی پێویستە بەرەوڕووی هەر هەنگاو و بڕیارێك کە پێشێلی بەرژەوەندی ناسیونالیستانەی کورد دەکات ببێتەوەو بێدەنگی لێنەکات. ئەوان پێویستە لەسەریان واز لەمیتۆدی نادیموکراسیانە بێنن و خەڵك لەباش و خراپی رووداوەکان ئاگادارکەنەوەو رێگا بەخەڵکی شارەزا, رێکخراو و پارتەکانی دیکە لەبڕیارە رامیاریەکاندا بدەن.